بەهەشت ودۆزەخم پێنیشاندرا، هەرگیز شتی وەکو ئەمڕۆ نەبینیووە لە خێر وشەڕ، ئەگەر ئەوەی من دەیزانم؛ ئێوە بیزانن ئەوا کەم پێدەکەنین وزۆر دەگریان

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- شتێکی پێ ووترا سەبارەت بە هاوەڵانی، بۆیە وتاری دا، وفەرمووی: «بەهەشت ودۆزەخم پێنیشاندرا، هەرگیز شتی وەکو ئەمڕۆ نەبینیووە لە خێر وشەڕ، ئەگەر ئەوەی من دەیزانم؛ ئێوە بیزانن ئەوا کەم پێدەکەنین وزۆر دەگریان». - گێڕەرەوەی فەرموودەکە- دەڵێت: هیچ ڕۆژێك وەکو ئەو ڕۆژە سەخت نەبووە لەسەر هاوەڵانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، سەر ودەموچاویان داپۆشی ودەنگی گریانیان لێوە دەبیسترا، عومەر هەستا، ووتی: ڕازی بووین بەوەی الله پەروەردگارمان بێت، وئیسلام ئاینمان بێت، وموحەمەد پێغەمبەرمان بێت. وپیاوێك هەستا وگووتی: کێ باوکمە؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «باوکت فلّانە»، بۆیە ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تَسْأَلُوا عَنْ أَشْيَاءَ إِنْ تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ﴾ [المائدة: 101] واتە: ﴿ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە پرسیار مەکەن لە شتانێک ئەگەر ئاشکرا بکرێن ناخۆش و خراپ دەبێت بۆتان﴾.

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

شتێك سەبارەت بە هاوەڵانی گەیەندرا بە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، ئەویش ئەوەیە زۆر پرسیاری لێدەکەن، بۆیە بە تووڕەییەوە وتاری دا وفەرمووی: بەهەشت ودۆزەخم پێنیشاندرا؛ هیچ خێرێکی زیاتر لە خێری ئەمڕۆم نەبینیووە لە بەهەشتدا، وهیچ شەڕێك زیاتر لە شەڕی ئەمڕۆم نەبینیووە لە دۆزەخدا، ئەگەر ئەوەی من دەیبینم ئێوەش ببینن، وئەوەی من دەیزانم ئێوەیش بیزانن لەو شتانەی ئەمڕۆ وڕۆژەکانی پێشوو بینیوومە ئەوا زۆر بە قوڵی دەترسان، وکەم پێدەکەنین، وزۆر دەگریان. ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: هیچ ڕۆژێك وەکو ئەو ڕۆژە سەخت نەبوو بە لای هاوەڵانی پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم-، سەریان داپۆشی ودەنگیان لێوە دەردەچوو لە لووتیانەوە بەهۆی زۆری گریانەوە. عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- هەستا، ووتی: ڕازین بەوەی الله پەروەردگارمان بێت، وئیسلام ئاینمان بێت، وموحەمەد پێغەمبەرمان بێت. دواتر پیاوێك هەستا، ووتی: باوکم کێیە؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «باوکت فلّانە»، پاشان ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تَسْأَلُوا عَنْ أَشْيَاءَ إِنْ تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ﴾ [المائدة: 101] واتە: ﴿ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە پرسیار مەکەن لە شتانێک ئەگەر ئاشکرا بکرێن بۆتان ناخۆش و خراپ دەبێت بۆتان﴾. [المائدة: 101]

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4814